# لەنێو بردنی ژینگەی نەتەوەی ژێردەست بەشێک لە ستراتیژیی داگیرکەرە

ڕامان شەریفی

”

وشەی ژینگە لە دەستەواژەیەکی کۆنی فەڕانسەوی environner وەرگیراوە و بە واتای ئەو شتە دێت کە دەوروپشتی پەڕانپەڕ داگرتووە، ئەگەر بمان هەوێت ئەم دەستەواژەیە بە شێوازێکی بەربڵاوتر بەکار بێنین، دەتوانین ژینگە بە کۆی دۆخی سروشتی، کۆمەڵایەتی و کولتووری پێناسە بکەین کە کاریگەریی لەسەر ژیانی تاک و کۆمەڵگا دادەنێتو لە هەڤبەریشدا کۆمەڵگا و تاک کاریگەریی لەسەر دادەنێن و کەلتور و داب و نەریت و زمانی هەر نەتەوەیەک، لە شوێنی نیشتەجێ بوونی کاریگەریی وەرگرتووە

“

لەنێوبردنی ژینگەی زاگرۆس تەنیا بە لەنێوچوونی سروشتی ئەم ناوچەیە کۆتایی نایەت و دەسەڵاتی داگیرکەر لە ڕێڕەوی هەوڵێکی پلان داڕێژراودا خولیای ئەوەی لە مێشکدایە کە بە لەنێوبردنی ژینگەی ئەم یەکە جوغرافیاییە بگاتە ئامانجی کۆتایی خۆی کە لەنێوبردن و پەرتەوازە کردنی دانیشتوانی ڕەسەنی ئەم ناوچەیە بۆ شوێنەکانی دیکەیە. داگیرکەر زۆر چاک لەوە تێدەگات کە ئەگەر نەتەوەیەک ژینگەکەی لە نێو بچێت ئەستەمە تازە بتوانێت مەترسی لەسەر داگیرکەران دروست بکات و دەسەڵاتی سەربەخۆی خۆی بونیاد بنێتەوە.

## ژینگە

وشەی ژینگە لە دەستەواژەیەکی کۆنی فەرانسەوی environner وەرگیراوە و بە واتای ئەو شتە دێت کە دەورووپشتی پەرانپەر داگرتووە، ئەگەر بمان هەوێت ئەم دەستەواژەیە بە شێوازێکی بەربلاوتر بەکار بێنین، دەتوانین ژینگە بە کۆی دۆخی سروشتی، کۆمەڵایەتی و کولتووری پێناسە بکەین کە کاریگەریی لەسەر ژیانی تاک و کۆمەڵگا دادەنێت[١] و لە هەڤبەریشدا کۆمەڵگا و تاک کاریگەریی لەسەر دادەنێن و کەلتور و داب و نەریت و زمانی هەر نەتەوەیەک، لە شوێنی نیشتەجێ بوونی کاریگەریی وەرگرتووە و لە ڕاستیدا جیاوازیی نەتەوەکان لە یەکدی بەشێکی مەزنی دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازیی شوێنی ژیانیان.

ژینگەدیاردەیەکی ئاڵۆز و لێکچڕژاوە کە تەواوی دیاردەکانی کۆمەڵایەتی ، بیۆلۆژیکی و فیزیکیی ژیان لە خۆ دەگرێت. ئەگەر شوێنی ژیانمان وەک کەیکێکی دابەش کراو بەسەر چەن توێژدا وێنا بکەین بەشی خوارەوەی دەکاتە خاک Lithosphere، توێژی نێوەڕاستەکەی دەکاتە شوێنی ژیان Biosphere و بەشی سەرەوەشی دەکاتە ئەتۆمۆسفێر Atmosphere و ئەو بەشە لە خاک کە بە ئاو و سەهۆڵ داپۆشراوە دەبێتە هیدرۆسفێر Hydrosphere و کۆی ئەم بەشانە ژینگە پێک دەهێنن. ئەم بەشانە زنجیرەیەکی ئاڵۆز پێکەوە دەبەستنەوە کە هەر چەشنە دەستێوەردانی بە ئەنقەست یان نائاوەزمەندانە جا لە پێکهاتەدا بێت یان لە بەشەکانیدا، تەواوی زنجیرەی لێک گرێدراوی ژینگە لێک بڵاو دەکاتەوە کە لە هەندێ کاتدا ئەم تێکدانە یان هەر قەرەبوو ناکرێتەوە یان گەڕانەوە بۆ دۆخی سەرەتایی، پێویستی بە سەدان ساڵ هەیە، بۆ نموونە ئەو ڕووەک و ئاژەڵانەی کە لە نێو دەچن تازە هیچ کات نابنەوە یان نزیکەی هەزار ساڵ پێویستە بۆ ئەوەی خاکێکی پواو بگەڕێتەوە بۆ دۆخی سەرەتای خۆی[٢]. هەر بۆیە چۆن مرۆڤ پێویستی بە تەناهیی گیانی هەیە، هەر بەم چەشنەش مرۆڤ و ژینگەکەی بۆ مانەوە پێویستییان بە تەناهیی ژینگەییە، بە واتای بوونی دۆخێک کە تەناهییەکی ڕێژەییی خوازراو لە هەڤبەر مەترسییەکان و هەڕەشەکانی سەرچاوەگرتوو لە گۆڕانکارییەکانی گۆی زەوی، دیاردەکانی جەوی، پیس بوونی خاک، زۆر بوونی دەنگە نەخوازراوەکان و بڵاو بوونەوەی نەخۆشییەکان بۆ درێژەی ژیانێکی سالم، پەردەسکەوت و دڵخوازانەی مرۆڤ، گیانلبەر و ڕووەکەکان و بە گشتی تەواوی بوونەوەرەکان و پارێزراویی بێگیانەکان مسۆگەر بێت[٣].

لە یاسای زۆربەی وڵاتانیشدا بۆ پارێزگاری لە ژینگە و بەرچاوڕوونیی هاووڵاتیان لەسەر پرسی ژینگە، بە ڕوونی ژینگە پێناسە کراوە کە لێرەدا ئاماژە بە دوو نموونەیان دەکەین. لە بەشی یەکی مادەی یەکی یاسای پارێزگاری لە ژینگەی

بولغارستان بەم چەشنە ژینگە پێناسە کراوە: کۆمەڵێک لە هۆکارەکانی سروشتی و مرۆڤی و توخمگەلێک کە بە چەشنێکی بەرابەر، تەواوکەری یەکن و پێوەندییان لەگەڵ یەک هەیە و لەسەر هاوسەنگیی بوون و چۆنایەتیی ژیان ، سلامەتیی مرۆڤ، میراتی کولتووری و مێژووی داهاتووی ژیان کاریگەری دادەنێن. یاسای پاراستنی ژینگەی ئۆسلۆنییش ژینگە بە بەشێک لە سرووشت دەزانێت کە دەتوانێ لە چالاکییەکانی مرۆڤ کاریگەری وەرگرێت[4].

پاش شۆڕشی پیشەیی، ڕێژەی کاریگەریی تاک لەسەر ژینگە تا دێت زیادی کردووە و فراوانخوازیی مرۆڤ، خەساری قەرەبوو نەکراوی لەسەر ژینگە داناوە و لە سەردەمی نوێدا کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و بەتایبەت ژینگە پارێزان لە سەرانسەری دنیادا هەوڵیان داوە بەر بە فراوانخوازیی مرۆڤ بەرانبەر بە ژینگە بگرن و لەم ڕێڕەوەدا دوو چەمکی ژینگە وەک ئەمانەت لە دەستی مرۆڤدا و گەشەی بەردەوام -توسعه پایدار- دەتوانین وەک هەوڵ گەلی بنەمایی و لە هەمان کاتدا بناغەی هزری تێکۆشانەکانی پاراستنی ژینگە لێک بدەینەوە.

ساڵی ١٩٨٥ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتوەکان»کۆمیسیۆنی جەهانیی ژینگە و گەشە»ی پێک هێنا کە ڕاپۆرتی خۆی بە ناوی « داهاتووی هاوبەشی ئێمە»ی لە ساڵی١٩٨٧دا بڵاو کردەوە، ئەم ڕاپۆرتە یەکەمین ڕاگەیەندراوی تۆکمە لەمەڕ بابەتی گەشەی بەردەوام بوو کە ڕاستەوخۆ بابەتی گەشە و پێشکەوتنی کۆمەڵگای دەبەستەوە بە پەیوەندییەکی بەرپرسانە لەگەڵ سروشت و ژینگە. لەم چەشنە پەیوەندیەدا ژینگە وەک ئەمانەتێکە لەدەس مرۆڤدا کە دەبێ بە چەشنێک کەڵکی لێ وەرگرێت کە نەوەکانی داهاتووش لێی بێبەش نەبن- عەدالەتی نێوان نەوەکانی مرۆڤ- کە بەم پێیە گەشەی بەردەوام واتای گونجاندنی ئامانجی ئابووری، کۆمەڵایەتی، ژینگەیی بۆ مسۆگەر کردنی ژیانێکی شیاوە بۆ مرۆڤ لە ئێستادا، بێ ئەوەی خەسار بە تواناییەکانی نەوەکانی داهاتوو بۆ کەڵک وەرگرتن لە ژینگە بگەیەنێت[5]. هەرچەن هەوڵی دژبەرانی ژینگە و خەسار گەیاندن بە سروشت، زۆربەی کاتەکان چ بە شێوازی تاک یا خود سیستماتیک تەنیا لە پێناو قازانجی زیاتردا بووە بەڵام هەندێ کات خەسار گەیاندن بە ژینگە لەم چوارچێوەیە چووەتە دەرەوە و بە شێوازی سیستماتیک «نەک تاک» جیا لە قازانجی ئابووری، هەوڵی گەیاندنی زەرەری قەرەبوو نەکراو بە ژینگەی شوێنێکی تایبەت دراوە کە وێنای بەرچاوی ئەم چەشنە کردارە لە هەڤبەر ژینگەدا هەوڵی لەنێوبردنی ژینگەی زاگرۆسە لە لایەن دەسەڵاتی داگیرکەری کۆماری ئیسلامیەوە کە لە دێڕەکانی دواتردا تەنیا ئاماژە بە دوو نموونە لە کردەی داگیرکەر لەم ژینگەیەدا ئەدەین کە پێم وایە جیاواز لەوەی بە پێچەوانەی ئایدیای گەشەی بەردەوام و ژینگە وەک ئەمانەتێک لە دەس مرۆڤدایە، بەشێکە لە پرۆسەیەکی مەزنتر کە دوا ئامانجی، سڕینەوە و پەرتەوازەکردنی نەتەوەی نیشتەجێی ئەم جوغرافیایە لە ڕێگەی لەنێوبردنی ژینگەکەی و لەنێوبردنی تەناهیی ژینگەی خەڵکانی ئەم ناوچەیەیە.

## هەوڵی لەنێوبردنی دارستانەکان

ڕووداوی ئاگرکەوتنەوە لە دارستانەکانی سەرانسەری دنیادا دیاردەیەکە کە بەردەوام ڕوو ئەدات و لە هەندێ وەرزی ساڵدا بە هۆی گەرم بوونی زەوی بە شێوازی نەخوازراو بەشێک لە دارستانەکان لە نێو دەچن، بەڵام بە هۆی پێشکەوتنی زانست و وێنە ماهوارەییەکان لە سەردەمی نوێدا، تا ڕادەیەکی زۆر بەر بەم دیاردەیە گیراوە

و ئەگەریش سووتان لە دارستانەکان ڕوو بدات دەسەڵاتەکان ئەوپەڕی هەوڵی خۆیان ئەدەن کە بە زووترین کات و بە هەموو ئیمکاناتەوە بەر بە بڵاو بوونەوەی ئەم ئاگرکەوتنەوانە بگرن و زیانەکانی سەرچاوەگرتوو لەم دیاردەیە لە کەمترین ماوەدا قەرەبوو بکەنەوە.

بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵدەریی هێرانا؛ مەسعوود مەنسوور سەرۆکی ڕێکخراوی دارستان لەوەڕگە و ئاورێژگەکانی ئێران ڕایگەیاندووە کە لە پێنج هەیڤی سەرەتای ئەمساڵدا (ساڵی ٩٩١٣) زیاتر لە دوو هەزار جار ئاورکەوتنەوە لە دارستانەکانی ئێراندا ڕووی داوە. هەرچەند ئامارێکی جێگەی باوەڕ لە بەردەستدا نییە تا بزانین ئاگرکەوتنەوەکان ژمارەیان چەندەیە، بەڵام ئەم ڕێژە فراوانە لە ئاگرکەوتنەوە، ناکرێ وەک دیاردەیەکی سروشتی وێنا بکرێت. «بە دڵنیاییەوە ژمارەی ڕاستەقینە لە ئاماری فەرمی زیاترە»، ئەوەش ڕوون نییە کە چەند لە سەدی ئەم ئاگرکەوتنەوانە لە ژینگەی نیشتەجێبوونی نەتەوەی کورددا ڕوویان داوە بەڵام بێگومان زۆربەی هەرە زۆری ئەم ئاگرکەوتنەوانە لەم ژینگەیەدا ڕوویان داوە و دەسەڵات لە زۆربەی شوێنەکاندا خۆی بە ئەنقەست بووەتە هۆی ئاگرکەوتنەوەکان و هیچ هەوڵێکیشی بۆ کوژاندنەوەی ئەم ئاگرانە نەداوە. «بە دەیان گێڕانەوەی خەڵکی ئەو ناوچانە هەیە کە خۆیان شایەد بوون دەستوپەیوەندەکانی دەسەڵات بوون کە بوونەتە هۆی ئاگرکەوتنەوەکان»، لە ڕاستیدا تەنیا خەڵک بوون کە لە هەڤبەر ئەم دیاردەیەدا ڕاوەستاون و دەسەڵات لە هەندێ شوێندا بەری بە خەڵکیش گرتووە کە بەر بە سووتانی دارەستانەکان بگرن و هەوڵی کوژاندنەوەی ئاگرەکان بدەن. هەر لەم پەیوەندییەدا سەرۆکی پاراستنی دارستان، لەوەڕگە و ئاورێژگەکان، باسی لە سووتان و لەناوچوونی ١٢هەزار و ٥٠٠ هێکتار لە دارستانەکان و لەوەڕگەکان لەماوەی ئەمساڵدا کرد کە بێگومان پشکی شێری ئەم ڕێژەیە لە ناوچەکانی شوێنی نیشتەجێ بوونی نەتەوەی کورد ڕوویداوە. ساڵانی ڕابردووش سووتانی دارستانەکان بەردوام ڕوویان داوە وەک دیاریشە لە داهاتوودا ئەم دیاردەیە بەردەوام دەبێت بەڵام هیچکات نەبینراوە کە دەسەڵات بۆ کوژاندنەوە و قەرەبوو کردنەوەی ئەم خەسارە لەم ناوچانەدا پلانێکی جیددیی هەبێت یان هەنگاوێکی بە کردەوە هەڵبێنێتەوە.

ڕوونە کە لەنێوچوونی دارستانەکان تەنیا بە سووتانی دارەکان کۆتایی نایەت. بە هەزاران ئاژەڵ و ڕووەکی ئەو سروشتەش هەر لە کاتی ئاگرکەوتنەوەکەدا لە نێو دەچن و ڕووداوی مەترسیدارتر بە هۆی ئاگرکەوتنەوە و لە نێو چونی دارستانەکان کە ڕەنگە هیچکات قەرەبوو نەکرێتەوە، لەنێوچوون یان سوێر بوونی خاکی ئەو ناوچانەیە کە دیاردەی بە بیاوان بوونی لێ دەکەوێتەوە و یەکێک لەو هەڕەشانەیە کە دەتوانێت بەجارێک هەموو خاک و زەویی بەپیتی ناوچەیەک بکاتە قاقڕستان و بیاوان. بە زمانێکی سادە بە بیاوان بوون، کۆمەڵە هۆکارگەلێکن کە دەبنە هۆی ئەوەی زەوی و زاری ناوچەیەک بەرە بەرە ببنە وشکارۆ و بێ ئاو و گیا. پڕتووکانی خاک و لەناوچوونی دار و درەخت دوو تایبەتمەندیی سەرەکیی ئەم دیاردەیەن. لە ئاکامی لەنێوچوونی دار و درەختی هەر ناوچەیەکدا دەرفەت بۆ شۆردنەوەی توێژی سەرەوەی خاک دەرەخسێت کە ئەم توێژە لەڕاستیدا گرنگترین بەشی خاک بۆ کشتوکاڵە و هەموو پێویستییە سەرەکیەکانی خاک بۆ کشتوکاڵ لەم بەشەدا کۆ دەبێتەوە. بە شۆردنەوەی ئەم بەشە لە درێژماوەدا خاک توانای بەرهەمهێنانی خۆی لە دەست دەدات

و ئەو ناوچەیە دەبێتە بیاوانێکی بێ ئاو و دار. جیاوازیی ئەم دیاردەیە لەگەڵ ڕووداوگەلی سروشتی و یەک لەوان وشکەساڵی لەوەدایە کە وشکەساڵی دیاردەی کورت خایەن و چەندساڵەیە بەڵام لە حاڵەتی بەبیاوان بووندا ماوەیەکی زۆر دوور و درێژتر پێویستە تا خاکێک سەرلەنوێ بتوانێ بەرهەمهێنەریی خۆی وەدەس بێنێتەوە[۶]. ئەو خاک و دارستانەی کە ئاوەها و بەم چەشنە لە ڕێگەی داگیرکەرەوە بەرەو پواندن لە ناوچوون دەچێت، بەرهەمی بە ملوێنان ساڵی سروشتە کە بەپێی هەندێک لە سەرچاوەکان، تەنیا لە چەن ساڵانی ڕابردوودا یەک لە شەشی دارستانەکانی زاگرۆس(یەک ملوێن هێکتار) بە هۆکاری جیاواز لەناوچوون[۷]. دیاریشە لە ماوەی ساڵێک یان دوو ساڵ ئاگرکەوتنەوە یان تەنانەت دە ساڵیش، نابێتە وشکارۆ هەر بۆیە هەستیار بوون لە هەقبەر ئەم دیاردەیەدا زۆر گرینگە چون ڕەنگە نەسڵێک هەست بە قوڵاییی کارەساتەکە نەکات وەرنگدانەوەی تەواوی لە ژیانیدا نەبێت بەڵام کە لەنێوچوو، هەزاران ساڵی دەوێ سروشت بگەڕێتەوە دۆخەکەی خۆی. دیاریشە کاتێک ئەم ناوچانە ببنە بیاوان خەڵکی نیشتەجێی ئەم ناوچانە دەبێ بەرەو شوێنەکانی دیکە کۆچ بکەن.

## هەوڵی سیستماتیک لە پێناو لەنێوبردنی گۆلاوی ورمێ

بەراوی گۆلی ورمێ بە پانتایی ۵۱۸۷۶ کیلومیتری چوارگۆشە بەراوێکی داخراوە کە ۱۰۲۵۶ کیلومیتری چوارگۆشەی دەشتەکان پێکی دێنن. لەم بەراوەدا زیاتر لە ۲۵ دەشتی چکۆلە و گەورە هەیە[۸] و لە دەور و پشتی گۆلی ورمێ دا ۱۶ زەلکاو یان تالاو هەیە کە زۆربەیان خاوەن ئاوی شیرین، یان شیرین و سوێرن کە پانتاییان لە ۵ هێکتارەوە تا ۱۲۰۰ هێکتار دەبێ.[۹] بەپێی سەرژمێرییەکان، حەشیمەتی مرۆڤی لە پانتاییی بەراوی گۆلی ورمێ زیاتر لە پێنج ملوێن کەسە.

ئەم گۆلاوە خاوەن ۱۰۲ دوورگەیە کە هەمووییان لەلایەن ڕێکخراوی یونسکۆوە وەک پاشەکەوتی سروشتیی دونیا ناسێندراون و سەرچاوەی سەرەکیی گۆلی ورمێ ۱۸ چۆمە کە هەنووکە زۆربەیان دەرژێنە ناو بەنداوەکانەوە. پانتاییی گۆلی ورمێ لە ڕابردوودا ۴هەزار ۵۱۱ کیلۆمێتری دووجا بووە.

بەشێوازی نێوەنجی لەماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا، گۆلی ورمێ هەموو ساڵێ ۴۰ سانت ئاستی ئاوەکەی دابەزیوە و ئەم دابەزینە بە سەرنج دان بە قووڵاییی کەمی ئەم گۆلە بووەتە هۆی وشک بوونی ڕێژەیەکی بەرچاو لە گۆلی ورمێ و زیاتر لە ۳۰ میلیارد میتری سێجا لە ئاوی ئەم گۆلە لە دەست چووە. لە هەمان کاتدا ڕوونە کە قووڵاییی گۆلی ورمێ لەوەی کە بەهۆی کەم بوونی ئاو وەدی هاتووە زیاتریشە و هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ خوێ و کانزاکانی دیکە لە بن گۆلەکەدا کە بوونەتە تەختەیێک خوێ و لە بڕێک شوێندا قەبارەی خوێ و کانزاکانی دیکە دەگاتە چەن میتر کە بووەتە هۆی کەم بوونی قووڵیی ئاو[۱۰]. هەرچەند وشکەساڵی و بارینی کەمی بەفر و باران وەک دیاردەیەکی کاتی لە ناوچەکەدا هۆکار بووە بۆ کەم بونەوەی ئاوی ئەم گۆلاوە، بەڵام وشکەساڵیی کاتی لە ڕابردووشدا ڕووی داوە و وەک دیاردەیەکی سروشتی ڕەنگە لە داهاتووشدا لەم ناوچەیە ڕوو بدات؛ بەڵام هەرگیز نابێتە هۆکاری ئەوەی کە گۆلاوی ورمێ بگاتە ئەم دۆخە قەیراناوییەی کە هەنووکە تێیدایە، لە ڕاستیدا هۆکاری قەیرانی ژیانی گۆلاوی ورمێ سروشتی نییە و دیاردەیەکی دەسکردە و زیاتر هەوڵدانێکی

سیستماتیکە لە ڕێڕەوی لەنێوبردنیدا و لەم ئاراستەیەشـدا سـێ دیاردەی هەڵکەندنی ژمارەیەکی زۆر بیری قووڵ لە دەشـتەکانی ئەم ناوچەیە، دروسـت کردنی زیاتر لە دە بەنداو لە سـەر ئەو چۆمانـەی کە دەڕژانە ئەم گـۆلاوەوە و ڕێگایەک کـە لە ناو ئەم ئاوەدا چێ کراوە و ورمێ دەبەسـتێتەوە بە تەورێـزەوە وەک بنەڕەتیترین هۆکارەکانی قەیران و بـەرەو وشـکی چوونی گۆلاوی ورمێن کـە لە درێژەدا بە کورتی باسـیان دەکەین.

لە دەشتەکانی سـەر بە ناوچەی گۆلی ورمێدا بە هـۆی بەرێوەبەرایەتیی گەندەڵ و قازانـج پەرەسـتیی کاتیـی هەندێ لە وەرزێرانی ئەو ناوچەیـە و لە هەمان کاتدا سـتراتێژیی درێژمـاوەی داگیرکـەر بـۆ وشـکاندنی ئەم گـۆلاوە، زیاتر لە ٨٠٠٠٠ بیری قـووڵ هەڵکەندراوە کـە ڕێژەیەکی یەکجار زۆر لە سـەرچاوەی ئاوی ژێرزەویی ئەم دەشـتانە بەم هۆیەوە بەکار دەهێنرێ لـە کاتێکدا سروشـت ناتوانێ لەم ئاسـتە بەرفراوانەدا کەم بوونەوەی سـەرچاوەکانی خۆی قەرەبوو بکاتەوە و لە ڕاسـتیدا خولی ئاساییی ڕەوتی بەکارهێنان و وەدی هاتنەوە تێک چـووە. کەم بوونەوەی ئاسـتی ئاوی ژێـرزەوی دەبێتـە هۆی کـەم بوونەوەی زۆری سـەرچاوەکانی ئاوی سـەرزەوی و داچوونی زەوی کە قەیرانێکی قووڵی ئاو لە سەرچاوەکانی ئاوی ژێرزەویدا وەدی دێت و لە داهاتوویەکی نەک زۆر دوور دا، زۆربەی سـەرچاوە ژێر زەوییەکانی ئاو وشک دەبن و یەکێک لە سـەرچاوەکانی دابین کردنی ئـاوی گـۆلاوی ورمێ بەم چەشـنە لەنێو دەچێت.[١١] هەر بـەم پێیەش زەوییەکانی ئەو ناوچەیە توانای بەرهەمهێنانیان نامێنێت و ئـەوەی دەمێنێتەوە وەدی هاتنی زەوییە کە خاکەکەی سـوێرە و کەڵکی وەرزێریی لێ وەرناگیرێت هەر بۆیە ئەو حەشیمەتەی کە بە سـێ ملوێن کـەس دەخەملێنرێت و ژیانیـان لە ڕێگـەی وەرزێرییەوە دابین دەبێت، لە ڕوودانی وەها کارەساتێکدا ناچار دەبن شوێنی نیشتەجێ بوونی خۆیان بەرەو ناوچەکانی دیکە جێ بهێڵن .

پرسـی گواسـتنەوەی ئاو لـە ناوچە شاخاویەکانی زاگرۆسەوە بۆ ناوەندی ئێران و شـوێنە کەم ئاوەکانی ئەم وڵاتە بەردەوام وەک پرسـێکی تەناهـی دەسـەڵاتەکانی زاڵ بەسـەر ئێرانـدا چـاوی لێ کـراوە و دەسەڵاتداران ئێزنیان نەداوە بە شێوازێکی زانسـتیانە لە لێکەوتەکانی گواسـتنەوەی ئـاو لەم ناوچانـەوە بۆ شـوێنەکانی دیکە بکۆڵرێتەوە. ئەوەی دیارە سەرچاوەکانی ئاو لە ئێراندا زۆر سنووردارە و ئەم سەرچاوانەش بە شـێوازێکی ناهاوسـەنگ بەسـەر ئەو جوغرافیایـەدا کـە هەنووکـە ئێرانی پێ دەوترێـت دابەش کراوە و جیاوازیی بارینی باران لـە ناوچە شـاخاوییەکانی زاگرۆس لەگـەڵ ناوەندی ئێران زیاتر لە ٤٠٠ میلی میترە بەو واتایە کە لەم ناوچانە بە شێوازی نێونجـی زیاتر لـە ٦٠٠ میلی میتر بارینی ساڵانە هەیە و لە ناوەندی ئێران ئەم ڕێژەیە کەمتر لە ٢٠٠میلی میترە. بۆ گواستنەوەی ئاوی ئەم ناوچانە پێویسـتە کە ئاوەکان لە شوێنگەلی تایبەتدا لە ڕێگەی بەنداوەکانەوە کۆکرێنەوە تا لە ڕێگـەی بۆریی تایبەتەوە و بە تێچوویەکـی زۆر، بۆ ناوەندی ئێران و شوێنە کەم ئاوەکان بگوێزرێنەوە. بۆ نموونە ئـاوی بەنداوی بۆکان کە سـەرچاوەکەی شاخ و چۆمەکانی کوردستانە، دەگوێزرێتەوە بـۆ تەورێز بـۆ خواردنەوە و بـەکار هێنان لە چەندین شـوێنی پیشـەییدا. هەرچەند دروسـت کردنی ئەم بەنداوانە بە شێوازی کاتـی و لە هەنـدێ شـوێنی نزیک بەم بەنداوانـە بوونەتە هۆی چوونە سـەرەوەی ئاستی داهاتی وەرزێران، بەڵام لە درێژماوەدا خەساری قەرەبوو نەکراوی وەک سوێر بوونی

خاکی ناوچە و بە هەڵمئاو بوونی دەیان میلیارد لیتر ئاوی کۆبووەوە لە پشت ئەم بەنداوانەی لێ دەکەوێتەوە و وشکارۆ بوونی ئەم ناوچانە دیاردەیەکە کە لە داهاتوودا ڕوو ئەدات و یەکێک لە هۆکارەکانی وشک بوونی گۆلاوی ورمێش دەگەڕێتەوە بۆ لێدانی زیاتر لە دە بەنداو لە ڕێڕەوەی ئەو چۆمانەی کە دەڕژانە نێو گۆلاوەکەوە کە بەم هۆیەوە ڕێژەی ئەو ئاوەی دەچێتە ناو گۆلاوەکە، بە ڕێژەیەکی یەکجار زۆر دابەزیوە و لە لایەکی دیکەوە کەم بوونەوەی ڕێژەی ئاوێک کە دەچێتە ناو گۆلەکەوە دەبێتە هۆی زۆربوونی شۆرەکاتی دەوروپشتی گۆلی ورمێ. بەرێژەی ۱۲۰۰کیلۆمێتری چوارگۆشە و زۆربوونی زەویی سوێر بەو واتایە کە باکان دەتوانن باهۆزی خوێ لەم ناوچانەدا وەدی بێنن. لەم پەیوەندییەدا دوکتور سعودی دەڵێت: ئەم ئەزموونە لە گۆلی ئاراڵیش لە باکووری تاجیکستان تاقی کراوەتەوە. نزیک بە ۴۰ یان ۵۰ ساڵ بەر لە ئێستا رووسەکان لەسەر ئەو چۆمانەی کە دەڕژانە ئەم گۆلەوە بەنداویان دروست کرد و بۆ کاری وەرزێری کەڵکیان لەم ئاوانە وەرگرت. بەڵام وردە وردە گۆلەکە وشک بوو کاتێک کە وشک بوو حەشیمەتێکی زۆری دەوری گۆلەکە تووشی شێرپەنجە بوون[۱۲] و ژینگەکە بەرەو لەناوچوون چوو. یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی دۆخی قەیراناویی گۆلی ورمێ دروست کردنی ڕێگایەکە لە نێو گۆلاوەکەدا کە بە باوەڕی کارناسان دەبێتە هۆی لەناو بردنی یەکجارەکیی گۆلاوی ورمێ لە داهاتوویێکی نزیکدا.

بە بیانووی دەسپێوە گرتن لە بەکار هێنانی بەنزین و کەم کردنەوەی مەودای ڕێگەی نێوان ورمێ و تەورێز، کۆماری ئیسلامی دەسی دایە دروست کردنی ڕێگایەک لە ناو گۆلی ورمێ کە خەساری قەرەبوو نەکراوی بە ژینگەی ئەم ناوچەیە گەیاندووە، هەرچەند هەر لەو کاتەدا زۆر لە کارناسان پێشبینییی دۆخی هەنووکەیان دەکرد بەڵام دەسەڵات بێ گوێدان بە نیگەرانیی پارێزەرانی ژینگە و لە ڕاستیدا لە ڕێڕەوی پلانی درێژماوەی خۆیدا، ئەم کارەساتەی بەسەر گۆلاوەکەدا هێنا. گۆلی ورمێ وەک سوێرترین گۆلی دنیا پاش بحرالمیت، بەهۆی دروست کردنی ڕێگایەک کە گۆلاوی ورمێ دەکاتە دوو بەشی باکوور و باشوور و لە ئاکامدا دۆخی سروشتیی ئاوەکە و ڕێژەی خوێی تێکەڵی ئاوەکە تێک دراوە و لە ئەمڕۆدا لە خراپترین دۆخی ژینگەییی خۆیدایە[۱۳]. نەبوونی خوێندنەوەیەکی قووڵ بۆ دروست کردنی ڕێگای نێوان گۆلەکە، کاریگەریی خراپی لەسەر ئێکۆسیستێمی گۆلەکە داناوە و تەنیا گیانلەبەری ئەم گۆلەی - بە ناوی ئارتیمیا کە خۆراکی پەلەوەرە کۆچەرییەکانە- بەرەو لەناوچوون بردووە هەروەها نەبوونی هاوسەنگی لە هاتنی ئاو بۆ ئەم دوو بەشە و نەسوورانەوەی ئاو لە گۆلاوەکەدا بە هۆی ئەم ڕێگایەوە بووەتە هۆی ئەوەی کە بەشی باکور زیاتر خوێی تیدا بێت و خێراتر بەرەو وشک بوون بچێت. لە داهاتوودا ئەم دوو بەشە دەبنە دوو گۆلی چکۆلەی جیا لەیەک. خەستیی خوێی گۆلی ورمێ کە نێونجەکەی دەبێت ۲۵ گرەم لە لیتر دا بێت هەنووکە دەگاتە ۴۰۰ و هەندێ کاتیش تا ۵۰۰ دەڕوات. گرنگترین دڵەڕاوکێی سەرچاوەگرتوو لە وشک بوونی گۆلی ورمێ، بوونیەتی بە ناوەندێکی چالاکی دروست بوونی وردیلەی خوێ لە ناوچەدا کە لێکەوتەی قەرەبوونەکراوی لێ دەکەوێتەوە و بە پێی هەندێ لە بەراوردەکان تا ۵۰۰ کیلۆمێتری دەروپشتی گۆلاوی ورمێ، بەم هۆیەوە ڕووبەڕووی باهۆزی خوێ دەبنەوە و ژیان لە تەواوی ئەم ناوچەیەدا دەکەوێتە مەترسییەوە[۱۴] کە مەزندە دەکرێت

کاریگەری لەسەر ژیانی پێنج ملوێن کەس دانێت. کاتیک ڕووبەرێکی زۆری ئەم گۆلاوە ئاوەکـــەی لـــە دەس چێت و تەنیـــا ببێتە وشکارۆیەکی خوێ، دیاردەی باهۆزی خوێ دەبێتە هۆی لەنێوبردنی زەویی کشتوکاڵی و ســـەرهەڵدانی نەخۆشـــینی وەک ئاسم، شێرپەنجە، زۆربوونی ڕێژەی مەرگی منداڵان، کەم خوێنی و... بـــە بڵاوبوونەوەی هەندێ نەخۆشیی ســـەرچاوەگرتوو لە وردیلەکانی گۆلـــی ورمـــێ و لەناوچوونـــی ســـەرچاوە ئاوییـــەکان و زەوییەکانی ئـــەم ناوچەیە لە باری کشـــتوکاڵی و ژیـــان، ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی ئەم ناوچەیە، بەدوای دەست ڕاگەیشـــتن بە خۆش بژێـــوی و دەرفەتی باشتر بۆ ژیان، ڕوو دەکەنە ناوچەکانی دیکە و بە ناچاری لەم شـــوێنە کۆچ دەکەن[١٥] و کەم بوونەوەی بەرچاوی ڕێژەی دانیشتوانی ئەم ناوچەیەی لێ دەکەوێتەوە.

وەک باس کرا ئەم دوو دیاردەیە تەنیا دوو نموونەن لە هەوڵەکان بۆ کاول کردنی ژینگەی زاگرۆس و پێشـــێل کردنی تەناهیی ژینگەی ئەم ناوچەیە. بە هۆی کەشی ئەمنیەتیی زاڵ بەسەر ناوچەکەدا و قەدەغە کردنی لێکۆڵینەوە لـــە بابەتەکانـــی وەک گواســـتنەوەی ئاوی زاگرۆس بۆ ناوچەکانی دیکە، لەژێر چاڵکردنی خەوش و خاڵە ناوکییەکان لەم ناوچەیە، کە ئەگەر مەجالـــی لێکۆڵینەوەیەکی ورد بدرێ، دەکرێ وەک تاوانی تیرۆری ژینگە پێناســـە بکرێ و بەڵگەکانی بۆ کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بخرێتە ڕوو. هەوڵ بـــۆ لە نێوبردنی زرێوار و تالاوەکانی کرماشان و دەیان دیاردەی دیکە، ئەو ڕاســـتییەمان پێ دەڵێن داگیرکەر تەنیا لە بیری کاولکاریی سروشـــتدا نییە، بەڵکوو دەیهـــەوێ ژینگەی زاگـــرۆس لەنێوببات کە دووا ئامانجیەتی.

## سەرچاوەکان


١. مرادی، حســـن ، حقوق محیط زیســـت بین الملل، جلد اول، نشر میزان، ١٣٩۶، ل١۵

٢. فەلاحەتی، حەمید، قەیرانی ژینگە، دوو مانگنامەی کەلتووری کۆمەڵایەتی ، ژمارەی٨، مرداد١٣٩۴ ،ل٩١-١۶١

٣. میرکمالی، علیرضا و دیگران تروریســـم زیســـت محیطی در حقوق کیفری فرانسه و تطبیق آن با جرم انگاری مشابه در ایران، مطالعات حقوق کیفری و جرم شناسی، دوره۴٨، شماره٢، پاییز و زمستان١٣٩٧، صص۴٢٣-۴۴۵

۴. مرادی، حســـن ، حقوق محیط زیســـت بین الملل، جلد اول، نشر میزان، ١٣٩۶، ل١۶

۵. ســـلطانی‌پور، دماری، وضعیت توســـعه پایدار در ایران، مجله دانشکده بهداشت و انستیتو تحقیقات بهداشتی، زمستان١٣٩۵، دوره ١۴، شماره چهارم، صفحه ١ تا ١۴

۶. غضبان، فریدون، زمین شناســـی زیســـت محیطی، انتشارات دانشگاه تهران، ١٣٩٢،ص١٨٧

٧. آنچـــه باید از فاجعه آتش‌ســـوزی جنگل‌هـــا و مراتع زاگرس بدانید، رادیو زمانه،٢٠١٩/۶/٢٢

٨. اصغـــری مقـــدم، اصغر، برداشـــت بیش از حـــد از منابع آب زیرزمینـــی حوضـــه دریاچه ارومیه و نقـــش آن در ایجاد بحران آب، نوزدهمین کنگره ملی و هفتمین کنگره بین المللی زیســـت شناسی ایران، ٩-١١شهریور ١٣٩۵، دانشگاه تبریز

٩. شـــفیعی علویجه، رحمت الله، آینده دریاچه ارومیه از دیدگاه بیلان نمک و آب، موسســـه تحقیقات آب، پژوهشکده منابع آب، گروه فرآیندها و پیش بینی های هیدرولوژیکی

١٠. قالیباف، محمدباقر و دیگران، مجله پژوهش های جغرافیای سیاسی، سال دوم ، شماره اول، بهار٩۶، ص١-٢٩

١١. اصغـــری مقدم،اصغـــر، برداشـــت بیش از حـــد از منابع آب زیرزمینـــی حوضـــه دریاچه ارومیه و نقـــش آن در ایجاد بحران آب، نوزدهمین کنگره ملی و هفتمین کنگره بین المللی زیســـت شناسی ایران، ٩-١١شهریور ١٣٩۵، دانشگاه تبریز

١٢. مجله محیط زیست،شماره۶٠، ٢٠خرداد تا ٢٠تیر ٨٩

١٣. سراســـکانرود، صیـــاد اصغـــری و دیگـــران، فصلنامه علمی پژوهشی برنامەریزی منطقه‌ای، سال سوم،شماره١١،پاییز١٣٩٢، ص٩٩-١١۴

١۴. پیامدهای سیاســـی امنیتی خشـــک شـــدن دریاچه ارومیه، احمدی، ســـیروس، اکبرزاده، محمد، فصلنامه ژئوپلتیک، ســـال چهاردهم ، شماره سوم، پاییز١٣٩٧، صص٩۵-١٢٧

١۵. هەمان سەرچاوە.